# بۆچی کوردسات درامای گەردەلوول دووبارە دەکاتەوە ؟

کوردسات درامای" گەردەلوول " لە سیناریۆ و دەرهێنانی جەلیل زەنگەنە بۆ دووەم جار نمایش دەکاتەوە , دووبارە کردنەوەی ئەم درامایە بۆ بینەر و بۆ دەسەڵاتداران هەروا شتێکی بێناوەڕۆك نیە, وەك چۆن درامای "گەردەلوول" پەیامێکی سیاسی و ئامانجداری لە هەناوی خۆیدا هەلگرتووە , من لە هونەر زۆر شارەزا نیم , بەڵام ئەزانم هونەر ئەتوانێت چ پەیامێك بە بینەر و بیسەر بگەیەنێت . درامای " گەردەلوول " لە شێوەدا ئەیەوێت سەرکووت و داپڵۆسینێك کە ڕژێمی لە ناوچووی بەعس بەسەر خەڵکی کوردوستانیدا سەپاندبووی , جارێکی تر بیخاتەوە بەر چاوی خەڵکی کوردوستان و لە زەینیاندا زیندوو ڕایبگرێت , ئەوەی ئەم درامایە پیشانی خەڵکی دەدات , من پێم وایە زۆر لەوە کەمترەکە خەڵکی کوردوستان خۆیان بەسەریان هاتووە, هەر ئینسانێك بۆ چەند ڕۆژێك لە کوردوستان ژیابێت دەزانێت چ دەسەڵاتێکی دژی خەڵکی لەسەر کورسی دەسەڵات بووە , هەرکەسێك لە کوردوستان ژیابێت ئەگەر خۆی وەك " ئازاد و ڕزگار "ی پاڵەوانی درامای " گەردەلوول " پاڵەوانی ڕووداوێك یان قەسابخانەیەك نەبووبێت کە بەعس ئەیخوڵقاند, ئەواکوڕی مامی یان کچی خاڵی, یان دراوسێیەکیان ئەم پاڵەوانیەتیەی ئەنجامداوە , کێ هەیە شەوانە لە گەڕەکەکەیان , یان ماڵی خۆیان, یان لە شارەکەیان مەفرەزەی سیخوڕەکانی بەعس هەناوی بەرنەدابنەوە و, سەدان کەسیان لێ دەستگیرو بێسەروشوێن نەکردبێت, خەڵکی کوردوستان گولەباران کردنی لاوانیان بینیووە لەسەر شەقام و گۆڕەپانەکان , خەڵکی کوردوستان ئەنفال و کیمیابارانیان بینیووە . کەواتە پرسیار لێرەدایە , بۆچی کوردسات درامای گەردەلوول دووبارە دەکاتەوە ؟ بەڕەئی من لە ئێستادا دووبارەکردنەوەی گەردەلوول چەند هۆکارێکی ستراتیژی و چەند هۆکارێکی تری لە پشتەوەیە , کە پەیوەندی بە ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی خەڵکی کوردوستانەوە هەیە کە چەند مانگێکە کوردوستانی کردۆتە مەنجەڵی بوخار و , دەسەڵاتدارانی تووشی هستریاودڵەڕاوکێ کردووە .

ناسیۆنالیزم کە ناسیۆنالیزمی کورد یەکێکە لە جۆرە دواکەوتوومیلیشاییەکەی سیفەتێکی بنەڕەتی ئەم ناسیۆنالیزمە بەتایبەت لەکاتی دەسەڵاتدا , ڕاوەستاندنی پێشکەووتن و بەرگرتنە بە ماف و خواستێکی ئینسانی , کە خەڵك بۆ بەهرەمەندبوون لە ژیان و ئایندەو داواکاریەکانیان هەیانە , ناسیۆنالیزم کە گەشت بە دەسەڵات دەڵێ بەسە , ئیتر ئەوەی خەڵك دەیلێت زیادەیە و ئاژاوە نانەوە و تێکدانی ئەزموونە ڕۆح سووکەکەمانە .

یەکێکی تر لە سیفەت و هۆکارە ستراتیژیەکانی دووبارەکردنەوەی گەردلوول بە تایبەت بۆ ناسیۆنالیزمی کورد , لەوەدایە کە ئەم دەسەڵاتە لەبەر ئەوەی ناتوانێت ژیانێکی شیاو شایستە و ئینسانی پێشکەشی خەڵك بکات , هەمیشە خەریکی ئەوەیە بە سەرکووتی ڕابووردو , خەڵك بە نەگبەتی و نەهامەتیەکانی ئێستا قایل بکات , ئەم دەسەڵاتە کە نوێنەرایەتی ناسیۆنالیزمی کورد دەکات , لەبەر ئەوەی ناتوانێت بڵێ لە ئاستی کۆنکرێتی و دابین کردنی ژیانێکی هاوچەرخ بۆ خەڵکی کوردوستان ئەوەم کردووە , مەجبوورە هەمیشە بڵێت بەعس وای کرد , لە کاتێکدا خەڵکی کوردوستان قابیلی هیچ یەکێك لەو دوو جۆرە ژیانانە نین کە گوزرەراندیان و , کە ئێستاش دەگوزەرێنن . بەشی دووەمی ئەو هۆکارانەی کە گەردەلووی بۆ دووبارە دەکرێتەوە , ڕاستەوخۆ پەیوەندی هەیە بەو ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانانەی سەرتاسەری کوردوستانی گرتۆتەوە , بۆدابین کردنی ئاو , کارەبا , شەقام , خوێندنگا , یاریگا , باخچە و چەندین داواکاری تر , کە بەدەسەڵات قووت ناچێت , دەسەڵاتداران دەیانەوێت بە خەڵکی کوردوستان بڵێن , لەبەر ئەوەی بەعس سەرکووتی دەکرد نابێت ئێوە داوای ئاو بکەن , لەبەر ئەوەی بەعس شوعبەی پێنجی هەبوو نابێت ئێوە داوای کارەبا بکەن , لەبەر ئەوەی بەعس قەسابخانەی موصڵی هەبوو بۆ سێدارە نابێت ئێوە داوای یاریگاو باخچە بکەن , لەبەر ئەوەی بەعس نووگرەسەلمان و عەرعەری هەبوو نابێت ئێوە داوای ئازادی و مافە فەردی و مەدەنیەکان بکەن . گەردەلوول دەیەوێت بە شێوەیەکی هونەری پەیامی دەسەڵات بەخشکەی بگەیەنێتە جەماوەر و , وەك دیووی دووەمی دەسەڵات خەڵك بە ئێستا قایل بکات , بەبێ ئەوەی کەسێکیان لە خۆی بپرسێت , ئایا خەڵکی کوردوستان شایستەی ئەم دوو جۆر ژیانەن لە ڕابووردوو لە ئێستادا ؟ تەنانەت چەند جار لەسەردەمی سەرانی ئەحزابی دەسەڵاتەوە ئەوە ووتراوە کە ئەم گەردەلوولە چەند لە جێگای خۆیایەتی , زۆر لە لاوان هەن پۆساڵی ڕەشیان نەدیووە بۆیە یاخی دەبن و دەنگ بە دەستوور نادەن و ناڕەزایەتی دەکەن .

لە ئەمڕۆدا پیشاندانی خوێن , کوشتن , لێدان , هەڵوواسین , ئەوەی بەعس ئەنجامیدا, بۆ خەڵکی کوردوستان هیچ مەعنایەکی واقیعی و بەرجەستەی نیە , ناکرێ خەڵکی کوردوستان 35 ساڵ ژیانی لە ژێر ئاگر و ئاسنی بەعسدا تێپەڕاندبێت , 35 ساڵی تریش بەو کارەسات و مەگەساتانە لەلایەن دەسەڵاتدارانی کوردوستان و هونەرەکەیانەوە جارێکی تر بترسێنرێنەوە , من بیستوومە خەڵکی ترساو , ترسی دەرئەکەن , بەڵام دەسەڵاتداران لە کوردوستان خەریکن جارێکی تر زیرە بەو منداڵ و لاوانە دەکەنەوە کە پۆساڵی ڕەشیان نەبینیووە . پەیامێك لە هەناوی گەردەلوولدایە , پەیامێکی دژی خەڵکە , پەیامێکە بە پەنا سەرکووتی ناڕەزایەتیەکانی خەڵکی کوردوستان , لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە هەنگاو دەنێ و هاوار دەکات داوای هیچ مەکەن ئەبودەلەف هات , قەحتان هات , حەکیم هات , قوسەی هات ئەمە چیە ؟ بۆ ئەبێت خەڵکی کوردوستان هەمیشە فەرز بکرێت بەسەریدا , لە نێوان خراپ و خراپترینیدا هەڵبژاردن بکات , لە کاتێکدا خواستی خەڵکی

کوردوستان ,  هیوای خەڵکی کوردوستان , دنیابینی خەڵکی کوردوستان, زۆر ئینسانی و پێشکەوتووخوازانەترە لەوەی دەسەڵاتداران دەیانەوێت بیکەن بە زنجیر و پەرژینی ژیانیان .

خەڵکی کوردوستان شایستەی جوانترین و ئینسانی ترین ژیانن

با گەردەلوول ببێتە گەدەلوولی پشتیوانی لە داواکاریەکانی خەڵکی کوردوستان

هیدایەت مەلا عەلی
hidayat_malaali@yahoo.com